# چەمکی بۆشایی دەق و ڕوانگەی گەڕۆك لەدوودەقی (ئەنوەر قادر جاف) و (قوبادی جەلی زادە) دا

**علی طاهر حسين و عباس محمد قادر**

بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی ( چەمکی بۆشایی دەق و روانگەی گەرۆکە لە دوو دەقی ئەنوەر قادر جاف و قوبادی جەلی زادە) دا، توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراوە لە تێزی دکتۆرای ( تیۆری وەرگرتن و رەخنەی شیعری کوردی ) تیایدا لە رووی تیۆریەوە باس لە دووچەمکی (بۆشایی دەق و روانگەی گەرۆك )کراوە کە دوو چەمکی ( ڤۆلگانگ ئایزەر) ی یەکێك لە رابەرانی تیۆری وەرگتنن، هەوڵدراوە کە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەو دوو چەمکە لەگەڵ دەقدا بەمەبەستی بەدەستهێنانی واتای دەقەکە، روونبکرێتەوە، دواتر کار لەسەر پراکتیزەکردنیان کراوە لەسەر دوو دەقی ( تەلیسم) و ( ئەی وەی زارا گیان) کە دەقەکان بەئاسانی واتای خۆیان نادەن بەدەستەوە. لەکۆتایشدا ئاماژە دراوە بەو ئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون.

**کلیلە وشەکان:** تیۆری وەرگرتن، خوێنەر، بۆشایی دەق، ڕوانگەی گەڕۆك، واتای شاراوە، دەقی کراوە، فرەخوێندنەوە.

## • پێشەکی

لەم توێژینەیەدا هەوڵمانداوە هەردوو چەمکی (بۆشایی دەق - الفجوات في النص) و (ڕوانگەی گەڕۆک - وجهة النظر الجوالة - Le point de vue mobile))_کە دوو چەمکی ڕێکاری ( ڤۆڵگانگ ئایزەر) ی یەکێک لە رابەرانی تیۆری وەرگرتنە، لەڕووی تیۆرییەوە روونبکەینەوە، مەبەست لێیان چییە و چۆن لەگەڵ دەقدا مامەڵە دەکەن و ،لەبەرئەوەی هەردوو چەمکەکەش پێکەوە ولەپرۆسەی خوێندنەوەدا کاردەکەن، بۆیە بەپێویستمانزانی پێکەوەبیانکەینە بابەتی ئەم توێژینەوەیەمان، هەروەک لە تێزی دکتۆراکەشماندا کارمان لەسەر کردووە، بەمەستی پراکتیزەکردنی هەردوو چەمکەکەش دوو دەقی شاعیران ( ئەنوەر قادر جاف) و (قوبادی جەلی زادە) مان وەرگرتووە، وەک نمونە، ئەم کارەشمان بەپێی میتۆدێکی شیکاریانە ئەنجامداوە بە پێی پلانێکی زانستی کە خۆی دەبینێتەوە لە دووبەشدا .

لەبەشی یەکەمدا، دوای پێشەکیەکی کورتی تیۆری وەرگرتن، باسمان لە هەردوو چەمکی (بۆشایی دەق و ڕوانگەی گەڕۆك ) کردووە، مەبەستی لەم چەمکانە چییە؟ ئایزەر، چۆن پێمان دەناسێنێت و چۆن لەگەڵ دەقدا مامەڵەدەکەن و ئەوەشمان روونکردۆتەوە کە چۆن لەڕێگەیانەوە واتای شاراوەی دەق بۆ خوێنەر ئاشکرادەبێت . لەبەشی دووەمیشدا، کە بەشێکی پراکتیکیە، هەوڵمانداوە ئەم چەمکانە وەک دوو چەمکی ڕێکاری لە هەردوو دەقی (تەلیسم) ی( ئەنوەر قادر جاف ) و ( ئەی وەی زارا گیان) ی ( قوبادی جەلی زادە) دا پراکتیزەبکەین و بۆشاییەکانی نێو ئەو دەقە پربکەینەوە و واتا شاراوەکانیان بدۆزینەوە . لەکۆتایشدا و لەچەند خاڵێکدا ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو کە پێیان گەیشتووین، هیوادارین توانیبێتمان خزمەتێک بە بواری توێژینەوەی ئەدەبی کوردی بکەین .

## • گرنگی توێژینەوەکە :

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بەپەپێی چەمکەکانی توێریەکی تازەی خوێندنەوەی دەق، خوێندنەوەیەکی نوێمان کردووە بۆ دوودەقی شیعری (ئەنوەر قادر جاف و قوبادی جەلی زادە) کردووە، خودی ئەو چەمکانە زۆر بەکەمی لەبواری خوێندنەوەی دەقی شیعری کوردیدا کاریان پێکراوە، یان هەرنەکراوە، بۆیە بەپێویستمان زانی ئێمە لەرووی تیۆری پراکتیکیەوە باسیان بکەین و جێبەجێیان بکەین لە بواری رەخنەی کوردیدا

## • کێشەی توێژینەوەکە

لەبەرئەوەی بابەتی ئەم توێژینەوەیە بابەتێکی تازەیە لە بواری رەخنەی کوردیدا، بۆیە کێشەی سەرەکی بەردەم ئەم توێژینەوەیە نەبوونی سەرچاوەبوو بە زمانی کوردی، بەتایبەت لەبوارە پراکتیکیەکەدا، بەڵام بەپشتبەستن بە سەرچاوەی زمانەکانیتر، بەتایبەت زمانی عەرەبی، توانیمان بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵبین .

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 8، العدد 2(2022) ؛ عدد الصفحات (7)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v8n2y2022.pp47-53

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 27 آذار 2022؛ قُبل في 24 نيسان 2022؛ نُشرت في 10 أيار2022؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : ali.hussein@univsul.edu.iq , abas.qadir@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2022 على طاهر حسين، عباس محمد قادر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

